# کاریگەری کۆچ و کۆچپێکردن لە سەر هەرێم ەکوردنشینەکان لەنێوان سەدەکانی (٥-٦ک/ ١١-١٢ز)

**پ. ی. د. ئەبوبکر دێوانە حەمەدحەسەن بالەکی**

بەشی زانستی کومەلاتیەکان ـ فاکولتی پەروەردە ـ زانکوی سوران ـ سوران/کوردستان

**ئیسماعیل خالند ناوخۆش**

بەشی میژوو ـ فا کولتی ئاداب ـ زانکوا سوران ـ سوران/کوردستان

**پوختە:**

ئەم تـوێژینەوە لەژێر ناونیشانی؛"کاریگەریی کـۆچ و کـۆچپێکردن لەسەر هەرێمەکوردنشینەکانە". کۆچکردن لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کۆنە، دەکرێت ئاماژە بەوەی بکەین لەوەتەی مرۆڤ لەسەر ئەم خاکەیە، کۆچ سروشتێکی تێکەڵبووی مرۆڤ بووە، بە تێپەربوونی کات هۆکار و ئامانجەکانی و لێکەوتەکانی هەمەجۆربوونە، هەڵبژاردنی ئەو بابەتە بۆ رووداوێکی گرنگ لە مێژووی کورد دەگەڕێتەوە ئەویش لێکەوتەکانی کۆچکردنە، کە نەبووەتە بابەتی سەرەکی توێژینەوە لە لای توێژەرانی کورد. دیاریکردنی سەدەی(٥-٦ک/ ١١-١٢ز)ش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رووداوە سیاسیی و سەربازییانەی لەو دوو سەدەیەداڕوویانداوە. ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و سێ باس پێکدێت: لە باسی یەکەم؛ وشەی کۆچ و کۆچپێکردن لە ڕووی زاراوە و زمانەوانی دەناسرێت. لە باسی دووەمدا؛ بۆ خۆپاراستن لەدووبارەبوونەوە بەکورتی هەرێمەکوردنشینەکان دەخرێنە بەر ناساندن. لە باسی سێیەمدا؛ باسی کاریگەریی ئەو کۆچ و کۆچپێکردنە دەکرێت لەسەرلایەنی سیاسی و کۆمەلایەتی و سەربازی و زانستی، هەروەهالە کۆتایی توێژینەوەکە ئەنجامەکان خراونەتە ڕوو.

**پەیڤێن سەرەکی:** *کۆچ، کۆچپێکردن، کاریگەری، هەرێمە کوردنشینەکان، سیاسی.*

**پێشەکی:**

کـۆچ لە مێژووی گەلانـدا بە گشـتی بـوونی هەیە، هەنـدێک کـات وەک چارەسەرێکی ناچاری بەرۆکی مرۆڤی گرتووەوە و ناچاری کردووە ڕێگەی هات و نەهات بگرێتەبەر، ئەم ڕێگەیەش دەشێ هەندێکجار مایەی ڕزگاربوونی بێت، بەڵام لەوانەشە دەروونی ئارام نەبێت، لەبەرئەوەی سروشتی مرۆڤ وایە لە کوێ لەدایک بووبێت، ئەو شوێنە

نیشتمانێکی ئارام بەخشە بۆی. ئەو کۆچکردنەش بەبێ کاریگەریی نامێنێتەوە، بێگومان کاریگەری لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیان هەیە.

ئەم تـوێژینەوەیە لە سـێ بـاس پێکـدێت؛ لە باسـی یەکەم وشـەی کـۆچ و کۆچپێکردن لە ڕووی زاراوە و زمـانەوانیی خـراوەتە بەر بـاس، لە باسـی دووەم بەکـورتی باسـی هەرێمەکوردنشـینەکان دەکەیـن بـۆ خۆپاراسـتن لە دووبـارەبوونەوە هەر یەک لە هەرێمـی ئازەربایجـان، ئـاران، ئەرمینیـا، چیـا و جەزیـرە و، لە باسـی سـێیەمدا هەر یەک لە لـێکەوتەی کۆچکردن لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازی و زانستی.

گرفتەکـان زۆرن وەک هەر تـوێژینەوەیەکی دیـکە، بە تـایبەت کەمـی زانیـاری لە هەندێ بابەت و پەرشوبڵاوی زانیارییەکـان، هەروەهـا مێژوونووسـانی ئەو کـاتی ئیسلامی زیـاتر گرنگیـان بە ڕووداوە سیاسـییەکـان و ژیاننـامەی کەسـایەتییەکان داوە، کەمتـر پـرژاونەتە سەر لایەنی کۆمەلایەتی و زانستی، نەخاسمە ئەم زانیارییـانە لەمەڕ هەرێمەکوردنشینەکان بن کە لە بنەڕەتدا مێژووەکەی بە کەمی سەرچاوە دەناڵێنێت، ئەمە وایکرد هەندێک کات ناچار بووین لە سێبەری ڕووداوەکان و بەکارهێنانی ژێدەرەکان زانیـاری نوێ بخەیـنە ڕوو، هەر ئەمەش هۆکارێک بوو وایکرد کە کۆکردنەوەی زانیاری بۆ ئەم توێژینەوە مانـدووبوونێکی زۆری بووێت.

تـوێژەران لەم تـوێژینەوەیەدا هەوڵیـان داوە، کـاریگەریی کـۆچ و کـۆچپێکردن لەسەرلایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازی و زانستی لە هەرێمە کوردنشیەنەکان دیاری بکـات، چ کـاریگەرییەکی هەبـووە بەسـەریانەوە و، چـۆن کـرداری کـۆچ و کۆچپێکردنیـان ئەنجام داوە؟ ئەو کات ئامرازەکانی گواستنەوە سادەبوون؟ ئایا کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی هەبووە بەسەر هەرێمەکوردنشینەکان؟.

میتۆدی توێژینەوە:

میتۆدی مێژوویی شیکاری وبەراودکاری بە کارهاتوە.

مەبەست لە کاریگەری سیاسی وکۆمەلایەتی وسەربازی وزانستیە.

## باسی یەکەم: چەمکی کۆچ لە ڕووی زمانەوانیی و زاراوەییەوە:

### ١- لە ڕووی زمانەوانییەوە:

وشـەی کـۆچ لە فەرهەنگـی کوردیـدا لە پیتەکـانی (ک، ۆ، چ) پێکـدێت، ئەم زاراوەیە بـۆ چەنـد مەبەسـتێکی جیـا بەکـار دێـت، ئەویـش دوای ئەو گۆڕانکـایـانەی بەسـەر وشەکە دادەهێندرێت، بە هۆی خستنەسەری پێشگر یان پاشـگر، یـانیش لێکدراو وەک ئەم نموونـانە: (کـۆچ، کۆچـاوکۆچ، کـۆچکردن، کـۆچەر، کـۆچەراتی، کـۆچەری، کۆچبـار و ...تاد)، دەبینین هەر یەک لەم وشانە سەرچاوەی سەرەکی لە وشەی کۆچەوە دروست بووە، هەر

یەکەیان بۆ مەبەست و واتایەک بەکار دەهێندرێت.(خاڵ، ٢٠٠٥ز:٣٦٤؛شەرەفکەندی، ١٣٦٩ک: ٦٢٦)

وشەی کۆچ لە زمانی عەرەبیدا (الهجرة) یان (الهجر) گوزارشتی لێ کراوە، لە پیتەکانی (الها، والجیم، والراء)، کە هەر یەک لەم پیتانە بنەمایە و بناغەیەکە بۆ پچڕان و پچڕاندن، ئەوەی دیکەیان ئاماژەیە بۆ تووندکردنی شتێک و بەستنەوەی، جا یەکەمیان (الهجر) پێچەوانەی پەیوەستبوونە بەهەمان شێوەش (الهجران)(ابن فارس، ١٩٧٩م: ٦/ ٣٦؛ ابن منظور، د.ت، ٦/ ٤٦١٧؛ الفیروزآبادي، ٢٠٠٨م: ١٦٧٥) (وهجرة، هجرا، وهجرانا) بەجێی هێشت یان پچڕاندی، وازی لێ هێنا، یان لێی دوور کەوتەوە (ابن منظور، د.ت، ٦/ ٤٦١٧؛ آبادی، ٢٠٠٨م: ١٦٧٥).

**٢- لە ڕووی زاراوەییەوە:**

کۆچ بە واتای گواستنەوە لە شوێنێک بۆ شوێنێکی دی بکرێت، ڕۆیشتنی کەسێک لە شوێنی ڕەسەنی خۆی و ئەو شوێنەی تێدا ژیاوە، یان تێدا لەدایک بووە بۆ شوێنێکی دی، ئەوسا کۆچەکە لە وڵاتێکەوە بێت بۆ وڵاتێکی دیکە، لە گوندەوە بێت بۆ شار، لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە، یان لە هەرێمێکەوە بێت بۆ هەرێمێکی دیکە، پێی دەگوترێت کۆچکردن، لەبەرئەوەی ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ هێڵاوە. (ابن منظور، د.ت، ٦/ ٤٦١٧؛ الفیروزآبادي، ٢٠٠٨م: ١٦٧٥).

**کۆچپێکردن (التهجیر) لە ڕووی زمانەوانیی و زاراوەییەوە:**

**_ لە ڕووی زمانەوانیی:**

کۆچپێکردن لە زمانی کوردیدا، لە بنەڕەتدا لە وشەی کۆچ وەرگیراوە، لە زمانی کوردی هەندێک وشە پێشگر یان پاشگری بۆ زیاد دەکرێت، یانیش وشەکان لێکدەدرێن، وشەیەکی دیکەیان لێ دروست دەکرێت. کۆچ (چاوگی داڕێژراوی پێ کردن) بۆ زیاد کراوە، کۆچ+ پێکردن= کۆچپێکردن، کە بە مانای ناچار دەبێت کۆچ بکات (خۆشناو، ٢٠١٣: ٢٦-٢٩)، بەهۆی هەر بارودۆخێکی نەخوازراو ڕوو بدات، جا لە ڕووی ئابووریی، سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئایینیی و سەربازیی ڕوو بدات.

**_ لە ڕووی زاراوەییەوە:**

کۆچپێکردن بە واتای ناچار دەکرێت کۆچ بکات لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، کەسێک ناچار بێت شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی بگۆڕێت، جا لە گوندەوە بێت بۆ شار، لە شارێکەوە بێت بۆ شارێکی دیکە، لە هەرێمێکەوە بێت بۆ هەرێمێکی دیکە، یان لە وڵاتێکەوە بێت بۆ وڵاتێکی دیکە، لە ئەنجامیبوونی بارودۆخێکی نەخوازراو وەک بارودۆخی سیاسیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتیی، ئایینیی، سەربازیی، سروشتیی ...هتد، ئەو بارودۆخە دەبێتە

هۆکارێک ناچاری دەکات کەوا شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان بگۆڕن (ابن فارس، ١٩٧٩م، ٦/ ٣٦- الفیروزآبادي، ٢٠٠٨م: ١٦٧٥- عزیز، ٢٠١٥م: ٢٠).

**باسی دووەم: ناساندنی هەرێمەکوردنشینەکان:**

گەڕان بەناو سەرچاوە مێژووییەکان بۆمان دەردەکەوێت هیچ هەرێمێک نەبووە، هەموو دانیشتووانەکەی سەد لە سەد لە ڕەگەزی کورد بن، بەڵام لە هەندێک هەرێم زۆرینەی دانیشتووانی لە ڕەگەزی کورد بووینە، هەر یەک لەم هەرێمانەش کۆمەڵێک شار و مەڵبەند لەخۆ دەگرن، ئێمە هەوڵ دەدەین گرنگترین ئەو شار و مەڵبەندانەی ئەم هەرێمانە بناسێنین، بەکورتی شوێنی جوگرافییان بخەینەڕوو، پاش گەڕان بەناو سەرچاوە ڕەسەنەکان بۆمان دەرکەوت کە ئەم پێنج (٥) هەرێمانە زۆرترین شار و گوند، هەروەها دانیشتووانی کورد بووینە، ئەم هەرێمانەش ئەمانەی خوارەوەن:

**یەکەم: هەرێمی ئازربایجان:**

هەرێمی ئازربایجان هەرێمێکی دیار و فراوانی ئەو سەردەمی بووە، کەوا زۆرینەی دانیشتووانی لە نەتەوەی کورد بوون، کەوتبووە خۆراوای دەریای خەزەر و وڵاتی دەیلەم و خۆرهەڵاتی هەرێمی چیا و باکووری هەرێمەکانی ئەرمەنستان و ئاران (ڕان). (ابن حوقل، ١٩٩٢م، ٢٧٨-٢٨٥؛ مؤلف مجهول، ١٩٩٩م: ١١٩؛ زادە، ٢٠٠٨م،١٣٤)لە گرنگترین مەڵبەند و شارەکانی ئەم هەرێمە بریتیین لە: تەورێز، مەراغە، ئەردەبیل، میانج، ئورمیە، خۆی، سەلماس، سراو، مەرەند، شنۆ، جابروان، موقان، ورثان و برزندە. ئەم شار و ناوچانەی سەرەوە هەرێمی ئازربایجانیان پێکدەهێنا. (ابن حوقل، ١٩٩٢م، ٢٨٥-٣٠٤- مؤلف مجهول، ١٩٩٩م، ١١٩-١٢٠- الحموی، ١٩٩٧م: ١/ ١٣٦- ابن المستوفی، ١٣٤٢ە: ٨٠- الحمیری، ١٩٨٤م: ٥٣٥؛ کی لسترنج، د.ت، ١٩٥)

**دووەم: هەرێمی ئاران:**

هەرێمی ئاران یەکێکی دیکەیە لە هەرێمەکوردنشینەکان، کە ڕێژەیەکی زۆری دانیشتووانی لە نەتەوەی کورد بوون، ئەم هەرێمە دەکەوێتە باکووری ئازربایجان و خۆراوای ئەرمەنستان و باکووری خۆرهەڵاتی جەزیرە. (ابن حوقل، ١٩٩٢م: ٢٨٧؛ الحموی، ١٩٩٧م: ١/ ١٣٦؛ ئەنوەر، ٢٠١٥ز: ٢٥)، کە چەند شار و مەڵبەندی کوردنشین لەخۆ دەگرێت، گرینگترینشیان بریتیین لە: بەرزغە، کەنجە، شەماخی، ئانی، دبیل (دوین) ، (باب الابواب)، نشوی بەو ناوانەش هاتووە؛ (نخشیفان، نخشوان و نقجوان)، باکۆ، شروان و تفلیس. (ابن حوقل، ١٩٩٢م: ٢٨٥-٣٠٤؛ مجهول، ١٩٩٩م: ١١٩-١٢٠؛ المقدسی، د.ت، ٣٧٥؛ ابوالفدا، ١٨٤٠م: ٤٠٥؛ البروسی، ٢٠٠٦م: ١٨٥) هەر یەک لەم شار و مەڵبەندانە ڕێژەیەکی زۆری دانیشتووانی لە نەتەوەی کورد بوون لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست.

**سێیەم: هەرێمی ئەرمینا:**

هەرێمی ناوبراو یەکێکی دیکەیە لە هەرێمەکوردنشینەکان، کەوا ڕێژەیەکی زۆری دانیشتووانی لە نەتەوەی کورد بوون، سنووری جوگرافیای ئەم هەرێمە لە ڕۆژهەڵات هاوسنوورە لەگەڵ هەرێمی ئاران، لە سنووری ڕۆژاوای لەگەڵ جەزیرە، لە باشوور هاوسنوورە لەگەڵ ئازربایجان، لە سنووری باکووری هاوسنوورە لەگەڵ وڵاتی ڕۆم. (ابن حوقل، ١٩٩٢م: ٢٩٥)، هەرێمی ئەرمینیا کۆمەڵێک شار و مەڵبەندی گرنگ لەخۆ دەگرێت، کەوا کوردەکان ڕێژەی زۆری دانیشتووانی ئەم شار و مەڵبەندانەیان پێکدەهێنا لە ماوەی سەردەمی توێژینەوەکەدا، گرنگترین ئەوە شار و مەڵبەندانەی ئەم هەرێمە ئەمانەن: (خلاط)، مەلازگرد، بەدلیس، (ارزن)، (ارجیش)، بەرگری، موش، مەعدەن. (مؤلف مجهول، ١٩٩٩م: ١٢٠-١٢٣؛ ابن عساكر، ١٩٩٣م: ١٥١؛ الحموی، ١٩٩٧م: ١/ ١٥٠،٣/ ٣٨٠، ٥/ ٢٢٣؛ مؤلف مجهول، ٢٠١٠م: ١٢٠)

**چوارەم: هەرێمی چیا:**

مەبەست لە هەرێمی چیا ئەو ناوچە بەرفراوانە بووە، کە کەوتبووە بەری خۆرهەڵاتی ناوچەکانی خوراسان و ئەسفەهان و فارس و باکووری خۆرهەڵاتی خوزستان، لە بەری باکووریش ناوچەکانی دەیلەم و قەزوین و ڕەی، لە باشوور عێراق و خوزستان دەورەیان دابوو. (ابن حوقل، ١٩٩٢م، ٣٠٤)، ئەم هەرێمە کۆمەڵێک شار و مەڵبەندی گرنگ لەخۆ دەگرێت، گرینگترینیان بریتیین لە: دینەوەر، قەرمیسین، نەهاوەند، بروجەرد، هەمەدان، حەلوان، خانەقین، مەندەلی، شارەزوور، سیروان، جەلەولا، و (الصمیرە). (ابن حوقل، ١٩٩٢م، ٣٠٨؛ مهلهل، ١٩٥٥م، ١٤؛ الحموی، ١٩٩٧م، ١/ ٤٠٤، ٢/ ١٥٦، ٣٤٠/ ٥/ ٣١٣؛ الحمیری، ١٩٨٤م، ٤٥٤).

**پێنجەم: هەرێمی جەزیرە (الجزیرة الفراتیة):**

یەکێکە لە هەرێمەکوردنشینەکان، مەبەست لە هەرێمی جەزیرە، ئەو ناوچە بەرفراوانەیە کە کەوتبووە کەنار و نێوانی بەری باکووری هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات، ناوچەکانی (جەزیرە، مووسڵ و ئامەد) دەگرتەوە و هاوسنووری هەرێمی ئاران و چیا بووە. (مجهول، ١٩٩٩م، ١١٧؛ الحموی، ١٩٩٧م، ٢/ ٢٩٤؛ كی لسترنج، د.ت، ١٤٧-١٤٨؛ خۆشناو، ٢٠١٣ز، ١٣٢؛ ڕەسوول، ٢٠٢٠ز، ٤٧) ئەم هەرێمە کۆمەڵێک شار و مەڵبەند لەخۆ دەگرێت کە ئەمانەن: مووسڵ، سنجار (شنگار)، داسن، ئامەد، میافارقین، نوسەیبین، ڕوها، (حصن كیف)، فاقان، ماردین، جەزیرەی ئیبن عومەر، مەلاتییە، حەران، زۆزان، ئاکرێ (عقرە)، هەولێر، سعرد سێرت، باجرمی کەرکووک، بینون. (المقدسی، د.ت، ١٤١؛ الحموی، ١٩٩٧م، ١/ ١٣٨، ٥٣٥، ٢/ ٢٦٥، ٣/ ١٠٦، ٤/ ٤٤٦- ابوالفداء، ١٨٤٠م، ٢٧٧؛ جعفر، ١٩٨١م، ١١٣)

**باسی سێیەم: کاریگەری کۆچ و کۆچپێکردن لە سەر لاینی سیاسی و کۆمەلایەتی و سەربازی و زانستی**

**یەکەم- لێکەوتە لەسەررەوشی سیاسی:**

هەرێمە کوردنشینەکان لەژێر کاریگەریی سیستەمی خێڵەکی و شێوازی بەڕێوەبردنی ڕەوشی سیاسی و سەربازی، خاوەن هێزێکی گەورەی مرۆیی بوون، هیچ هۆز و میرنشینێک نەبووە خاوەن هێزی تایبەت بە خۆی نەبووبێت(الفارقي، ١٩٥٩م، ص٩٣_١٠٠؛ ابن الاثير، ٢٠١٢م، ج٨/ ص٥٢_٢٣) و،دەوڵەت و میرنشینە ناکوردییەکانیش سوودیان لە توانای سەربازی کورد وەرگرتووە(ابن الجوزي، ١٣٥٩هـ،ج١٦/ص ١٢٥؛ مؤيدالدين، سيرة المؤالدين، د.ت، ص١٣٧ )، هەر کاتێک پێگەیان یان سنووری فەرمانڕەواییان تووشی مەترسی بووبێت بێهەڵوێست نەبوون، بە گوێرەی توانای خۆیان هەڵوێستیان هەبووە و بەرپەرچی هێزی داگیرکەریان داوەتەوە(ابن الجوزي، ١٣٥٩هـ،ج٨/ص٥٠ ؛ ابن الاثير، ٢٠١٢م، ج٧/ ص٥٧٤، ٧٤٠)،بۆ نموونە؛"میر فەزلۆنی یەکەم" (٣٧٥-٤٢٢ک/ ٩٨٥-١٠٣١ز) فەرمانڕەوای میرنشینی شەدادی بووە، لە ماوەی فەرمانڕەوایدا توانیویەتی بەرپەچی ئەرمەنییەکان بداتەوە، هەروەها هێرشێکی بەرفراوان بکاتە سەر چەند ناوچەیەکی ئەرمەنی و باجیان بەسەردا بسەپێنێت(کسروی، ١٣٨٨هـ، ص٢٧١).

خەڵک دەیانەوێت ستەمیان لێنەکرێت، کەسێک بیانپارێزێت(مەکیاڤیلی، ٢٠١٥، ل٨٤)، ئەویش میرە یان پاشایە(ئیبن خلدون، ٢٠١٥، ب١/ل١٩٦)، بەرگریکردن لە ماڵ و گیانیان داوەتە دەست فەرمانڕەوایان، گەر فەرمانڕەواکەیان نەیتوانی بیانپارێزێت، ئەوا خەڵک بە ناچاری ڕێگەی کۆچکردن دەگرنەبەر(ئیبن خلدون، ٢٠١٥، ب١/ل٣٥٠)، بۆ نموونە"میر نەسرودەولە مەڕوانی" (٤٠١-٤٥٣ک/١٠١١-١٠٦١ز) میری میرنشینی مەڕوانیی بوو، توانی پارێزگاری لە خەڵکی خۆی بکات لە هێزی دەرەکی، لە ناوخۆی میرنشینەکە گرنگی بە لایەنی ئاواکاری، زانستی، کاری خێرخوازی، دادپەروەری و گیروگرفتەکانی خەڵکیدا، بۆیە لە ڕۆژگاری ئەودا شاری میافارقینی پایتەخت و شارەکانی تر جمەیان دەهات لە قەلەباڵغیدا(الفارقي، ١٩٥٩م، ص١٤١_١٧٦)، کەواتە میری ناوبراو توانیویەتی پارێزگاری لە خەڵکی بکات.

بەڵام ئەو ڕەوشەی بەسەر هەرێمە کوردنشینەکان هات، بووە هۆی کۆچکردنی سەدان میر و هەزاران سەربازی لێکەوتەوە، ئەمەش کاریگەریی گەورەی کردە سەر ڕەوشی سیاسی لە هەرێمە کوردنشینەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئاقڵمەندی سیاسی، ڕۆشنبیران، میران و سەربازان، کە داینەمۆی جوڵانەوەی سیاسی بوون لە هەرێمە کوردنشینەکان، بەمەش هیوای بەدەستهێنانی دەسەڵاتیخۆجێیی لە هەرێمە کوردنشینەکان هیوابڕاو بوو(مجهول، ٢٠١٠م، ص٢٠٥، ٢١٠_٢١١، ٢٣٨، ٣٠٠)، ئەمە بووە هۆی ئەوەی

داگیرکەرانی هەرێمە کوردنشینەکان دەرفەتیان بۆ بڕەخسێت، بە گوێرەی بەرژەوەندیی خۆیان هەرێمە کوردنشینەکان بەڕێوەببەن(ابن الاثیر، د.ت، ص٧٩؛ الجمیلي، ١٩٧٠م، ص٢٤٩_٢٥٠)، چونکە دەسەڵاتێک و میرنشینێک نەبوو بتوانێت بەرپەرچیان بداتەوە، سەرەڕای ئەوەی بە ئارەزووی خۆیان باجیان لە خەڵک وەردەگرت، وەک لە ناوچەکانی؛ (ماردین، جزیرە، حەسەن کێفا و مووسڵ)(ابن القلانسي، د.ت، ص٢١٨؛ الرواندي، ٢٠٠٥م، ص٢٦٠)، پێشتر ئەو ناوچانە لە لایەن میر نەسرەدەولەی مەروانی دەپارێزران، کەچی ئێستا باجیان لێوەدەگرن، لێرەدا کاریگەریی کۆچ بە ڕوونی بەدیاردەکەوێت.

هەروەها کۆچکردنی میر و جەنگاوەران نەمانەوەیان لە زێدی خۆیان هەوڵنەدانیان بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی بەهێزی کوردی، ئەمەش زیاتر دەرفەتی ڕەخساند بۆ گێرەشێوێنی و تاڵانکاری، بۆ نموونە"تورکمانی بابەکری"[1]، بە مەرومالاتەوە ڕوویان کردە هەولێر(اربل) بۆ ماوەی سێ ساڵ(٥١٧-٥٢٠ک/ ١١٢٣-١١٢٦ز) فەرمانڕەوای هەولێریان دەکرد، لەو ماوەیە بە ویست و ئارەزووی خۆیان فەرمانڕەواییان لە خەڵکی هەولێر و دەوروبەریان دەکرد(ابن المستوفي، ١٩٨٠م، ص٢٧٣؛ ابن أبي هیجاء، ١٩٩٣م، ص١٨٠_١٨١ )، لێرەدا ئەگەر میرێکی بەهێز هەبایە لە ڕووی سیاسی و سەربازی ئەوا نەیاندەتوانی بەو شێوەیە خەڵکی بچەوسێننەوە.

دانیشتوانی شار پشت بە هێزی سوپا و پاسەوانەکان دەبەستن لە کاتی مەترسی، ئەگەر نەیانتوانی بیان پارێزن، ئەوا کۆچ دەکەن(ئیبن خلدون، ٢٠١٥، ب٢/ ل٥٨)،بۆ نموونە قەرەبولیی (القرابلی) سەرداری هۆزی سولغوری تورکمانی لەگەڵ "میر سورخاب کوڕی بەدر" (٤٦٧- ٥٠٠ک/ ١٠٧٥- ١١٠٧ز) میری میرنشینی عەنازی، لەسەر لەوەڕگا دەبێتە شەڕیان، تورکمانەکان ژمارەیەکی زۆری سەربازانی میر سورخابیان کوشت؛ ناچار بە کۆچکردنیان کرد و ناچاربوون هەڵبێن بۆ ناوچە چیایەکان، گشت ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی میر سورخابیان گرت، تەنها داقوق وشارەزوور نەبێت(ابن الاثیر، ٢٠١٢م، ج٨/ ص٤٧٦)، هەروەها سەرهەڵدانی کێشەی نێوان کورد و تورکمانەکان کە کوشتوکوشتارێکی زۆریان لە یەکتری کرد و بووە هۆی ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆری هەردوو ڕەگەز،شەڕوئاژاوە زۆربەی ناوچەکانی هەرێمەکانی گرتەوە، شارەکانی وەک مووسڵ، شارەزوور، نوسەیبین(ئینسکلۆپیدیای ئیسلام، ٢٠١٠، ل١١)، دیاربەکر، تورعابدین، جەزیرە،ئازەربایجان، شام، مەلاتییە و چەند شارێکی تری گرتەوە(الاصفهاني، ٢٠٠٣م، ص٤٢١_٤٢٢؛ الجمیلي، ١٩٧٠م، ص٢٨٦). نەبوونی دەسەڵاتێکی کوردی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە(الاصفهاني، ٢٠٠٣م، ص٤٢١_٤٢٢؛ ابن الاثیر، ٢٠١٢م، ج١٠/ص ١٣٦؛ الجمیلي، ١٩٧٠م، ص٢٨٦)، ئەمەش هەمووی لە ئەنجامی نەبوونی هێزێکی سیاسی بەهێز کە فەرمانڕەوای هەرێمە کوردنشینەکان بکات و، بتوانێت بە شێوەیەکی بەهێز بەرپەرچیان بداتەوە.

لەم باسەی سەرەوەدا لەوە تێدەگەین کەوا کۆچکردنی میر و سەربازانی کورد کاریگەریی نەرێنی هەبووە لەسەر ئاسایشی تاکی هەرێمە کوردنشینەکان و، دەرفەتی زیاتری بۆ هێزەداگیرکەرەکان ڕەخساندووە بۆ ستەمکردن لە خەڵکی بێتاوانی هەرێمە کوردنشینەکان، هەروەها کاریگەریی نەرێنی لەسەر خامۆشبوونی دەسەڵاتیخۆجێیی و درەنگ هەڵسانەوەی جولانەوەی دەسەڵاتە خۆجییەکان لە هەرێمە کوردنشینەکانهەبووە.

**دووەم-لێکەوتەی سەربازی:**

هەرێمە کوردنشینەکان لەژێر کاریگەریی سیستەمی خێڵەکی و شێوازی بەڕێوەبردنی ڕەوشی سیاسی و سەربازی، خاوەن هێزێکی گەورەی مرۆیی بوون، هیچ هۆز و میرنشینێک نەبووە خاوەن هێزی تایبەت بە خۆی نەبووبێت(الفارقي، ١٩٥٩م، ٩٣_١٠٠؛ ابن الاثير، ٢٠١٢م، ج٨/ ص٥٢_٥٣)، هەر کاتێک پێگەیان یان سنووری فەرمانڕەواییان تووشی مەترسی بووبێت بێ هەڵوێست نەبوون، بە گوێرەی توانای خۆیان هەڵوێستیان هەبووە و بەرپەرچی هێزی داگیرکەریان داوەتەوە(ابن الجوزي، ١٣٥٩هـ، ج٨/ ص٥٠؛ ابن الاثير، ٢٠١٢م، ج٧/ ص٥٧٤، ٧٤٠)، ئیبن خلدون دەڵێت پاسەوانی دەوڵەت لە لایەن پاشاوە دەکرێت( ابن خلدون، ٢٠١٥، ب٢/ ل١٠٣)، میر "ئەبو هیجا حوسێن کوڕی محەممەد ڕەوادیی" (٣٤٤-٣٧٨ک/ ٩٥٥-٩٨٨ز) فەرمانڕەوای میرنشینی ڕەوادیی بوو لە هەرێمی ئازەربایجان، لە ساڵی(٣٧٧ک/ ٩٨٧ز) هەڵمەتێکی سەربازی کردە سەر ئەرمینیا زیاتر لە سەد(١٠٠) هەزار جەنگاوەر دەبوون و توانیان چەند ناوچەیەک داگیربکەن و، باج و سەرانە بخەنە سەر دانیشتووانی ئەرمەن و پاشاکەیان "باگراتۆنی" ناچار کرد ملکەچی بۆ میری ڕەوادی نواند(حوزنی، ٢٠٠٧، ب٢/ ل٢١٥)، هەرچەندە کەمێک پێش سەردەمی توێژینەوەکەی ئێمەیە، و ڕەنگە ئەم ژمارەیە زیادەڕەویی تێدابێت، بەڵام بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا ئەو میرنشینە سوپایەکی گەورە و بەهێزی هەبووە.

هەروەها نموونەیەکی تر؛ "میر فەزلۆنی یەکەم" (٣٧٥-٤٢٢ک/ ٩٨٥-١٠٣١ز) فەرمانڕەوای میرنشینی شەدادی بووە، لە ماوەی فەرمانڕەواییدا توانیویەتی بەرپەرچی هێرشی دەرەکی بداتەوە، هەروەها توانیویەتی سنووری فەرمانڕەوایی خۆی فراوان بکات(کسروی، ١٣٨٨هـ، ص٢٧١)، ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا ئەم میرە هێزی سەربازی باشی هەبووە تا بتوانێت ئەو هێرشەی پێ ئەنجامبدات.

هەروەها "میر نەسرودەولە ئەحمەدی کوڕی مەڕوان" (٤٠١-٤٥٣ک/ ١٠١١-١٠٦١ز) میری میرنشینی مەڕوانی، توانی عوقەیلییەکان[٢] تێکبشکێنێت کاتێک لە ساڵی(٤٠٤ک/١٠١٣ز) هێرش دەکەنە سەر تورعابدین لە نزیک ماردین، بەڵام دوای ماوەیەک ئاشتی لەنێوانیان بەرقرار بوو(رشینایا، ١٩٧٠م، ص٢٠٥؛ محمد، ٢٠١٨، ل١٤٩)، ئەمەش بەڵگەیە کەوا ناوبراو سوپایەکی بەهێزی هەبووە.

دوای ئەوەی دانیشـتووانی هەرێـمە کوردنشـینەکان کۆچیـانکرد جـا بە هەر هۆکـار و ئامانجێـک بێـت، هەروەک لە بەشـی سـێیەم لە تەوەرەی یەکەم لە کـاریگەریی کۆچ و کۆچپێکردن لەسەر دیمۆگرافیای هەرێمە کوردنشینەکان ڕوونمان کردووە، کەوا؛ کۆچکردن دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتووان، کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتووان دەبێتە هـۆی کەمبـوونەوەی هێـزی سـەربازی، کەمبـوونەوەی هێـزی سـەربازیش دەبێـتە هـۆی لاوازبـوونی دەسـەڵاتی میـر و فەرمانڕەواکـان. بـۆ نمـوونە تورکمـانی بـابەکری(٥١٧-٥٢٠ک/ ١١٢٣-١١٢٦ز) فەرمـانڕەوای هەولێریـان دەکـرد لەو مـاوەیەدا بە ویستـی خۆیـان باجیـان بەسـەر خەڵکیــدا ســەپاندووە(ابن المســتوفي، ١٩٨٠م، ق١/ ص٢٧٣؛ ابــن أبــي هيجــاء، ١٩٩٣م، ص١٨٠_١٨١). ئەگەر هــاتوو کوردەکــان خــاوەن هێزێکــی ســەربازیی بەهێزبوونــایە، ئەوا تورکمانەکان نەیاندەتوانی بەو شێوەیە فەرمانڕەوایی هەولێر بکەن.

هەروەهـا "میـر ئەحمەدیلـی کـوڕی ئیبراهیمـی کـوڕی وەهسـوزانیی ڕەوادی"، شـاری مەڕاغەی کە یەکێکە لە شـارە ئاوەدانەکـانی هەرێمـی ئازەربایجـان بەدەسـتەوەبوو، بەڵام لە سـاڵی (٥١٠ک/ ١١١٦ز) لە شـاری بەغـداد تیرۆرکـرا، بەم تیرۆرکـردنە کۆتـایی بە دەسـەڵاتی کوردەکــان لەوێ هــات(ابن القلانســي، د.ت، ص١٩٨؛ الصـفدي، ١٩٩١م، ج٨/ ص ٣٠٣_٣٠٤)،لە ڕووی سەربازی لاواز بووە بۆیە، تیرۆرکراوە، ئەو نموونەیە ئەگەر بەراورد بکەیـن لەگەڵ "میـر ئەبو هیجا حوسێن ڕەوادی" کایگەری کۆچ لەسەر لایەنی سەربازی بەڕوونی بەدیاردەکەوێت، کەوا زۆر لاواز بوونە میرە کوردەکان.

بە دامەزراندنی ئەتابەگییەکان لەسـەر خـاکی هەرێمە کوردنشینەکان، بە تەواوی خۆری دەسەڵاتە کوردییەکـان بەکۆتاهـات، ئەتابەگییەکـان چاوتێبڕینیـان بـۆ داگیرکـاری و گەیشتن بە دەسەڵات وردتر و توندتر بوو(ابن الاثير، ٢٠١٢م، ج٨/ ص٥٧٤)، لە ئەنجـامی ئەمەدا گەلێـک میـر و سـەربازی کـورد بێکـار مـانەوە؛ ئەو بێکـارییە کـاریگەریی گەورەی کـردە سەر ژیانیان، بۆیە هەندێک لەمانە چوونە ڕیزیسوپایی داگیرکەر خزمەتیان کرد(ابن الاثير، ٢٠١٢م، ج٨/ ص٤٩٦_٤٩٧).

"شاهنشای کوڕی مەحموود"فەرمانڕەوای شاری ئانی[٣] لە ساڵی(٥٥٦ک/ ١١٦١ز) گـرتە دەسـت، لە سـاڵی(٥٩٦ک/ ١١٩٩ز) ئەرمەنەکـان هێـرش دەکەنە سـەر شـاری ئـانی دەیگـرن، و زیانێکـی زۆریان پێگەیاندن(کسروی، ١٣٨٨هـ، ٣١٧_٣١٨)، پێشـتر کوردەکـان دەیـانتوانی بـاج لە ئەرمەنییەکـان وەربگـرن، بەڵام ئێسـتا بە پێچەوانەوە ئەرمەنەکـان ناوچەکوردنشـینەکان داگیردەکەن.

کــاریگەریی کــۆچ و کــۆچپێکردن لەســەر لایەنــی ســەربازی لە هەرێــمە کوردنشــینەکان، بــووە هــۆی کەمبــوونەوەی ژمــارەی دانیشــتووان، کەمبــوونەوەی ژمــارەی دانیشــتووانیش دەبێــتە، هــۆی کەمبــوونەوەی ژمــارەی ســەربازان و لاوازی هێزیــی ســەربازی،

کەمبوونەوەی هێزی سەبازیش دەبێتە هۆی لاوازبوونی دەسەڵاتی میر و فەرمانڕەوایانی هەرێمە کوردنشینەکان، لاوازبوونی میر و فەرمانڕەوایانی هەرێمە کوردنشینەکان، ڕێگە لە بەردەم هێزەداگیرکەرەکان خۆشدەکات، تا ئەو شوێنانەی مەبەستییانە داگیری بکەن، بە ویستی خۆیان لەوێ فەرمانڕەوایی بکەن.

**سێیەم: - لێکەوتەی کۆمەڵایەتی:**

کۆچکردنی هەر گەلێک لە زێدی خۆیەوە بۆ هەر شوێنێک، گەلێک لێکەوتەی جیاجیا دەهێنێتە بوون، یەکێک لەو لێکەوتانە لێکەوتەی کۆمەڵایەتیە کە لە لێکەوتە زۆر دیار و کاریگەرەکانە، لەبەرئەوەی ئاشنابوونی فەرهەنگ و کەلتووری گەلێک بە فەرهەنگ و کەلتووری نەتەوەکانی دیکەیە، بە یەکەوە شارستانییەتێکی هاوبەش بنیاتدەنێن، کە ئەو شارستانیی بنیاتیان ناوە بە شارستانیی ئیسلام ناسراوە.

ئەو بارودۆخەی بەسەر هەرێمە کوردنشینەکان داهات، بووە هۆی کۆچ و کۆچپێکردن جا بە هەر هۆکار و ئامانجێک بێت و هەندێکیان هەر بە ناچاری تێکهەڵی گەلانی تر بوون(ابن أبي هيجاء، ١٩٩٣م، ٢٠)، کوردیش لەو ئاوێتەبوونە پشکی گەورەی بەردەکەوێت(الحويري، ١٩٧٩م، ٤٦)، بەوەی لە ڕێی قوتابخانەکان ئاشنای زانا و مامۆستایان بووە، لە ڕێی مزگەوت ئاشنای خەڵکی و تەواوی چینوتوێژەکان دەبوون، لە یەکەکانی سوپا و دامودەزگا کارگێڕییەکان، ئاڵوگۆڕی گەورەیان لە کایەکانی زمان و پۆشاک و دابونەریتی دانیشتووان و خواردن هەبووە، بە کورتی باس لە هەندێکیان دەکەین:

**أ- ژن و ژنخوازی:**

دوای ئەوەی خەڵکی هەرێمە کوردنشینەکان بۆ شوێنەکانی دیکەکۆچیانکرد، لەگەڵ دانیشتووانی شوێنی کۆچبۆکراو ئاشنای یەکتر بوون و تێکگەیشتن لە زمانی یەکتر، مرۆڤەکان کۆشش دەکەن بۆ ئەوەی کەسانێک بدۆزنەوە تاوەکو بتوانن پێداویستییەکانی خۆیان پێ پڕبکەنەوە(ئیبن خلدون، ٢٠١٥ز، ب٢/ ٢٥٩)، دەبینین لێرە و لەوێ ئافرەتی غەیرە کورد دەبێتە جێی سەرنج و دڵخوازی کەسایەتییەک و سەردارێکی کورد. بۆ نموونە؛ لە ساڵی (٥٦٤ک/ ١١٦٨ز) سوڵتان سەلاحەددین هاوسەرگیری لەگەڵ کچی شاوەری وەزیری فاتمیی کردووە، (المقريزي، ١٩٧١م، ج٣/ ٢٩٢؛ حسن، ١٩٩٧م، ٢١) هەروەها سوڵتانسەلاحەددینی ئەیوبی هەڵساوە بە هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو؛ (عەصمە الدین کچی میر معین الدین)کردووەعصمة الدين کچی میر معین الدین: ئافرەتێکی چاکەکار، خێرخواز و ڕاستگۆ بوو، یەکێک بووە لە ئافرەتە دیارەکانی شام. کە پێشتر هاوسەری "نورەددین مەحموود" بووە، دوای کۆچی دواییکردنی نورەددین مەحموود هاوسەرگیری لەگەڵ سوڵتان سەلاحەددین ئەیوبیی کرد(ابن شاهنشاه، د.ت، ٢٢٧) هەروەها "مەلیک سالح نەجمەددین ئەیوبی" هاوسەرگیری لەگەڵ کەنیزەیەکی خۆی (شجر

الدر)کرد(اليونيني، ١٩٩٢م، ج١/٤٥)، لە بەرانبەر ئەو هاوسەرگیرییەی کە کوردەکان لەگەڵ ژنانی غەیرە کورد کردوویانە، بە هەمان شێوە ئافرەتانی کوردیش هاوسەرگیرییان لەگەڵ پیاوانی بێگانە کردووە، بۆ نموونە"ست شام" خوشکی سوڵتانسەلاحەددینی ئەیوبی هاوسەگیری لەگەڵ"عومەر کوڕی لاجین" کردووە(ابن خلكان، ١٩٧٨م، ج١/ ٣٠٧).

هەروەها لە ساڵی (٦٣٥/ ١٢٣٧ز) لەسەر داوای "غەیاسەددین کەیخسرو"سوڵتانی ڕۆم "غازیە خاتوون کچی مەلیک عزیزی ئەیوبی" شووی پێکرد(ابن واصل، ٢٠٠٩م، ج٥/ ١٨٣)، هاوسەرگیریی ئافرەتانی کورد لەگەڵ ڕەگەزی بێگانە بەردەوام بووە، بۆ نموونە "مەلیک ظاهر بیبرس" هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکی شارەزووری کردووە، بەلام لە ساڵی (٦٥٨ک/ ١٢٦٥ز) لێی جیابووەوە(ابن شداد، ١٩٨٣م، ٢٣٢).

هەڵبەت ژن و ژنخوازی لەگەڵ ڕەگەزەکانی تر لە ئەنجامی کۆچ و کۆچپێکردنەوە دروست بوو، ئەو ژن و ژنخوازییەش لێکەوتەی تری بەدوای خۆیدا هێناوە، وەک ئەمانە:

١- لە ڕووی سیاسی و سەربازی پێگەی کوردی بەهێزکرد.

٢- لە ڕووی کۆمەلایەتیشەوە کرانەوە بە ڕووی کۆمەڵگەکانی ترەوە.

٣- دروستبوونی نەوەیەک کە بەرهەمی ئەو تێکەلاوییە بوو.

٤- ئاسانکاری بۆ کاروباری بازرگانی.

**ب- ئاوێتەبوونی زمان:**

کورد وەک هەر گەلێکی تر خاوەن زمانی تایبەتی خۆی بووە کە زمانی کوردییە، کە زمانی گفتوگۆی ڕۆژانە بووە. دیارە هەموویان زمانی عەرەبیان نەدەزانی، بۆیە هەندێکجار پەنایان بۆ وەرگێرەکان بردووە بۆ لێکتێگەیشتن(ابن المستوفي، ١٩٨٠م، ق١، ص١٥٨_١٥٩) ،سەرچاوەکانیش باس لەوە دەکەن کەوا مەلیکەکانی ئەیوبی خۆبەخۆ و لەگەڵ ڕاوێژکارەکانیان هەندێجار بە زمانی عەجەمی قسەیان کردووە(ابو شامة، ٢٠٠٢م، ج٣/ ص٦٦)، کە ئەو زمانەش کوردی بووە(ابو شامة، ٢٠٠٢م، ج٣/ ص٦٦؛ تۆفیق، ٢٠١٤، ل١٥٤_١٥٥).

بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار ناوە کوردییەکانیش لەناو ناوەکانی شارستانیی ئیسلامی بەرەو توانەوە چوون، چونکە کوردیش بەشێک بووە لە شارستانیەتی ئیسلامی، ناوە پیرۆزەکان وەردەگیران، یان کورت دەکرانەوە دەستکارییان دەکرا بە هۆی خستنەسەری ئامرازەکانەوە(الفارقي، ١٩٥٩م، ص١٧٩؛ تۆفیق، ٢٠١٤، ل١٦٢_١٦٥)، لە پاڵ ئەوەشدا زمانی کوردی لە ڕێگەی کوردە کۆچکردووەکان دزەی کردووەتە ناو فەرهەنگی زمانەکانی تر. بۆ نموونە؛"چوخ-چوخکی"، جلی میرانی کوردی(ابو شامة، تراجم رجال القرنين، ١٩٧٣م، ص٦٦ )، جفتە= جوتە- دووانە، جاشنگر- چێژگر، ئەو کەسەی پێش سوڵتان چێژی

خواردنەکە دەکات نە بادە خواردنەکە ژەهراوی کرابێت(القلقشندي، ١٩١٤م،ج٣/ ص٨_٢٥)، زاراوەی خاتوون= خاتوون لە زمانی فارسی و تورکیدا یەک واتای هەیە کە مەبەست دانانی ڕێزە لە ئافرەت(الخطیب، ١٩٩٦م، ص١٥٥)، لە زمانی کوردیش بە هەمان مەبەست بەکاردەهات(هەژار، ١٣٦٩ک، ل١٥٥).

یەکێک لە ئەنجامەکانی کۆچ و کۆچپێکردن لە هەرێمە کوردنشینەکان ئاوێتەبوونی زمانی کوردیە لەگەڵ زمانی عەرەبی، فارسی و تورکی، هاوشانی ئەوان چەندان وشەی کوردی بوونە بەشێک لە فەرهەنگی شارستانیی ئیسلامی، بە پێچەوانەشەوە چەندان وشەی زمانەکایی تر هاتنە ناو زمانی کوردی، ئەگەر چی زمانی کوردی زمانی نووسین نەبوو، بەڵام دواجار توانی ببێتە زمانی گفتوگۆ.

## ج- لکاندنی ناوی کوردی بە شوێنەکان:

لکاندنی ناوی کورد و هۆزەکان و میر و سەردارانی کورد، تێکهەڵاوبوونی شارستانیی کورد بە شارستانیی شوێنەکانی تر وەک؛ بەغداد،میسر، شام و خوراسان. هەڵبەت ئەم ناوانەی کوردی لە غوربەت بە زیندوویی هێشتووەتەوە، بۆ نموونە گەڕەکی کوردان (حارة الاکراد)لە دیمەشق(الشهابي، ١٩٩٩م، ج١/ص ٢١٨)، (حی الخلاطیین) لە قاهیرە(چەلەبی، ١٩٧٩، ل١٦٠)، گەڕەکی (حی الاکراد) لە شاری حەلەب(ابن شداد، ١٩٩١م، ج١/ ص١٩٨)، کۆلانی مەهرانی(المهرانی)(النعیمي، ١٩٩٠م، ج٢/ ص ١٥١).

هەروەها مزگەوت و قوتابخانە و شوێنەکانی دی بە ناوی هۆزەکوردییەکان دەکران، بۆ نموونە؛ مزگەوتی مەهرانی (مسجد المهرانی)، مزگەوتی زەرزاری (مسجد الزرزاری)، مزگەوتی بەشنەوی(مسجد البشنوین)، مزگەوتی ئیبن ئەبی هیجا (مسجد ابن ابی الهیجاء) و سابق کوردی (مسجد السابق الکردي)(ابن شداد، ١٩٩١م، ج١/ ص ١٩٨_١٩٩، ٢٢٣_٢٢٤)، ئەمانە بەشێکن لە دەسکەوتی شارستانیی کوردی کە ئاوێتەی شارستانیی شوێنەکانی تر بووە لە چوارچێوەی شارستانیی ئیسلامیدا.

ناوی شوێنەوارەکان بە بەشێکی گرنگ لە کەلتوور و فەرهەنگی شارستانیی گەلان دادەندرێت، بۆیە ئەم شوێنەوارانە بە ناوی جیا جیای کوردییەوە، خەرمانێکی گەورەیە لە مێژووی ڕابردووی هەرێمە کوردنشینەکان.

## د- ناساندنی جلوبەرگی کوردی بە شوێنەکانی کۆچ بۆکراو:

لەگەڵ کۆچ و کۆچپێکردن لە هەرێمە کوردنشینەکان، بێ ویستی هەمووان پۆشاکی کوردی بە فەرهەنگ و کەلتووری بیانی ناسێنرا، دواتر پۆشاکی کوردی بووە بەشێک لە شارستانیی ئیسلامی، کە جیاواز بوو لە هی گەلانی تر، بۆیە بە(زی الاکراد) ناوی هاتووە(ابن شعار، ٢٠٠٥م، ج٤/ ص٢٤٠)، بۆ نموونە؛ (محمد بن ابي الهیجاء بن محمد

الامير الفاضل عز الدين الهذباني الكردي.٧٠٠ك/١٣٠٠ز) ناسراو بە؛ "ئیبن ئەبی هیجا"، لە دووریی نشتیمان جەمەدانی خڕی لەسەر دەنا و پرچی تا سەر شان بەرداوە، بەمەش پۆشاکی کوردی بە گەلانی ترناساندووە(الصفدي، ١٩٩١م، ج٥/ ص١١٢)، هەروەها میران و سەرکردە کوردەکانی سوپای ئەیوبی مەندیلیان لەسەر دەنا، مەندیل بۆ لەپشتکردن و سەرپێچانەوەش بەکار دەهێندرا. هەروەها "مەلیک کامل محەممەد" مەلیکی میسر(٦١٥-٦٣٥ك/ ١٢١٨-١٢٣٧ز) ئەویش مەندیلی لەسەردەنا(ابو شامة، ١٩٧٣م، ص١٦٦؛ تۆفیق، ٢٠١٤، ل٢٥٨_٢٥٩)، هەروەها "مەلیک ئەشرەف مووسا کوڕی مەلیک عادل ئەیوب"، لە دیمەشق(شاش) نیشانداری لەسەر ناوە، کە لە ناوەڕاستییەوە بە مەندیلێک پێچرابوو(ابن واصل، ٢٠٠٩م، ج٤/ ص٢٢٨)، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ناساندنی پۆشاکی کوردی بە گەلانی دیکە.

شەڕوالی کوردیش کە شێوەیەکی پانوبەرینی هەیە، لە ناوەڕاستەوە بەرەو خوارەوە دادەپۆشێت(العبيدي، ١٩٨٠م، ص١٩٩)، میران و پاشایانی ئەیوبی لە پۆشینی شەڕوال بەردەوام بوون، هاوشانی پۆشاکەکانی دیکە(ابو شامة، ١٩٧٣م، ص٦٦؛ تۆفیق، ٢٠١٤، ل٢٦٠_٢٦١)، هەروەها چۆخ-چۆخکێ یەکێکە لەو پۆشاکە کوردەواریانەی لە ڕێگەی ئەیوبیەکان بە جیهانی ئیسلامیدا ناسرا، کە لە خوری دروستدەکرێت، چۆخیش تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش لە کوردستان دەپۆشرێت، زیاتر بۆ خۆپاراستن لە تەڕبوون لە ڕۆژانی باراندا لەبەردەکرا(المقريزي، د.ت، ج٣/ ص١٧٨؛ تۆفیق، ٢٠١٤، ل٢٦٨)، کاتێک "میر جەناحی هەکاریی" لە ساڵی(٦٠٥ك/ ١٢٠٨ز) مرد، هەموو ئەو میر و سەرکردە کوردانە لە ڕێوڕەسمی بە خاکسپاردن و پرسەکەی ئامادەبوون، هەموویان چۆخ-چۆخکیان لەبەرکردبوو و مەندیلیان لەسەر نابوو(ابو شامة، ١٩٧٣م، ص٦٦). هەروەها هەندێک پۆشاکی هاوبەشی گەلان هەبووە. بە نموونە؛ کەوی (کەوا) قۆڵی هەبووە لەسەر کراس لەبەردەکرا، کوردانی ئەیوبیش لە دوورە نشتیمان هاوشانی گەلانی دیکە کەوایان لەبەر دەکرد(ابن واصل، ٢٠٠٩م، ج٣/ ص١٨٠_١٨١).

دەشێت زۆرێک لەو پۆشاکە کوردییانە بۆ شوێنی کۆچ بۆکراو، بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار گۆڕانکاری بەسەر شێوازی دروویین دروستکردنیان هاتبێت، بە سوودوەرگرتن لە پۆشاکی گەلانی نیشتەجێ، بەمەش کەلتوورێکی نوێ لەو پۆشاکە کە هاتووەتە ئاراوە، لە لایەکی تر بەشێک لە پۆشاکە کوردییەکان گرنگیان پێ دراوە، لەبەرئەوەی قایم و بەهێز دروستدەکران، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەختیی جوگرافیای هەرێمە کوردنشینەکان و سەرماوسۆڵەکەی، بەمەش دەتوانین بڵێین کۆچ و کۆچپێکردن کاریگەیی لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی هەرێمە کوردنشینەکان هەبووە لە ماوەی سەردەمی توێژینەوەکەمان.

**چوارەم- لێکەوتەی زانستی:**

**أ- لێکەوتەی ئەرێنی**

بـواری زانسـتیش وەک هەمـوو بوارەکـانی دیـکە، کەوتـووەتە ژێـر کـاریگەریی کۆچڕەوی دانیشـتووان، ئەندێشـەی مـرۆڤیش عەوداڵـی بەدەسـتهێنانی پێویسـتییەکانە، بـۆیە کۆشـــش دەکـــات و دەگەڕێـــت بـــۆ ئەوەی مرۆڤانێـــک بـــدۆزێتەوە تـــا ئەو بۆشـــاییەی لە پێویستییەکانیداهەیە بە زانیاریی ئەوان پڕ ببکاتەوە(ئیبن خلدون، ٢٠١٥ز، ب٢/ ل٢٥٩).کەوا چەندین قوتابی، زانا و ئەوانەی حەزی فێربوونی زانستیان هەیە لە هەرێمە کوردنشینەکان کۆچیان کردووە بۆ مەڵبەندە گرنگەکان لە بواری زانست و زانیاری. ئیبن خەلدوون پێیوایە؛ زانستە گەورە و قووڵەکان لە شارەگەورەکان باویان هەیە،لە شارە گەورەکاندا بەدەستهێنانیان ئاسان ترە(ئیبن خلدون، ٢٠١٥ز، ب٢/ ل٢٧٢). بەشێک لە زانایان و قوتابییان لە شارە گەورەکان نەگەڕاونەتەوە لەوێ خزمەتیان کردووە؛ لەبری ئەوەی ئەو خزمەتەی لە زێدی خۆیان بکەن. بۆ نموونە؛ یەکێک لە زاناکان بە ناوی؛"محەممەد کوڕی عەلی کوڕی محەمـمەد کـوڕی عوسـمان" ناسـراو بە؛ (ابـوالفتح الحەلـوانی) لە سـاڵی (٤٣٩ک/ ١٠٤٧ز) لەدایکبووە، زانستی فقهی خوێندووە تا بووەتە زانایەکی بەناوبانگ لە شاری بەغدا لەسەر مەزهەبی "حنبلی"یەوە، لە ساڵی(٥٠٥ک/ ١١٢٦ز) کۆچی دوایی کردووە(ابن الجوزي، ١٣٥٩هـ، ج٨/ ص١٧٠؛ ابـن رجـب، ١٩٥٢م، ج١/ ص١٠٦). ئەو زانـایە لە شـاری بەغـداد خزمەتـی کـردووە نەک لە شارەکانی هەرێمە کوردنشینەکان؛ ئەگەر لەوهەرێمانە خزمەتی کردبایەڕەنگە توانیبایە زیاتر زانست و زانیاری لە هەرێمە کوردنشینەکان پێش بخات.

نموونەیەکی تر؛ "فەزڵ کوڕی عومەر کوڕی ئەبی مەنسور ئەبومەعافی حەلوانی"، کەوا شارەزایی باشی لە زانستی قورئان خوێندنەوە هەبووە، چەندین کەسی فێری قورئان خوێندن کردووە، هەروەها فەرموودەی زۆری گێڕاوەتەوە، لە هەمان کاتدا زۆر شتی نووسیوە. لە سـاڵی(٥٤١ک/ ١١٤٦ز) لە شـاری بەغـدا کـۆچی دوایـی کرد(الجزيـري، ١٩٣٣م، ج٢/ ص١٠_١١؛ یاسین، ٢٠١٣ز، ل١٥٥)، لەوێ خزمەتی قورئان کردووە، و خەڵکی فێرکردوون.

مارانییەکـانیش کە بنەمـاڵەیەکی کـوردی زانستدۆسـت بـوون و چەنـدین زانـا و کەسایەتیی شارەزایان هەبووە، پێگە و جێگەیان لە بزاڤی زانستی و ڕۆشنبیریدا دیار و بەرچاو بووە، ئەوانێش هەولێر(اربل)یان بەجێهێشت کۆچیانکرد بەرەو دیمەشق، بەمەش درزێکی گەورە کەوتە نێو ڕەوشی زانستی لە هەرێمە کوردنشینەکان بە گشتی و بە تایبەتی شاری هەولێر و دەوروبەری(ابن المستوفي، ١٩٨٠م، ق٢/ ص٣٦٩؛ ابن خلکان، وفیات الاعیان، ١٩٧٨م، ج٣/ ص٢٤٢). بۆ نموونە؛ "ئەبو عومەر عوسمان کوڕی دەرباس کوڕی فیر کوڕی جهم کوڕی عبدوس مارانی(م٦٠٨ک/١٢١١ز)"؛شەرعزانێکی شافعیی مەزهەب بووە،

دواتـر بـوو بە قـازی قـاهیرە(ابن المسـتوفي، ١٩٨٠م، ق٢/ ص٣٦٩؛ ابـن خلكـان، وفيـات الاعيـان، ١٩٧٨م، ج٣/ ص٢٤٢؛ ابن قاضي شهبة، ١٠٨٦م، ج٢/ ص٧٠_٧٦)، لە میسرِ خزمەتی کردووە.

هەروەهـــا زمرزارییەکـــانیش کە لە ڕۆشـــنبیران و زانایـــانی نـــاوداری هەرێـــمە کوردنشینەکان بوون، خزمەتی زانست و ڕۆشنبیریی هەرێمە کوردنشینەکانیان کردووە، لە ئەنجامی کۆچکردنیان، ئەو خزمەتەیان گواستووەتەوە ئەو شوێنانەی کۆچیان بۆ کردووە، وەک؛میسـرِ، شـام و بەغـدا(ابن المسـتوفي، ١٩٨٠م، ق١/ ص٢٣٠، ٢٧١، ٢٧٣، ٢٧٤). بـۆ نمـوونە؛ "ئەحـمەد کـوڕی عوسـمان کـوڕی عەلـی کـوڕی مهـدی کـوردیی زارزاری" (م٥١٩ک/ ١١١٨ز) ئیمـامێکی گەورە بـووە، بە هۆکـاری زانسـتی کۆچیکردووە بـۆ مسـر و شـام، ئیمـام بـووە لە زانستی قورئان(الهسنياني، ٢٠١٢م، ص٨٥).

گەشەسـەندنی ئـاوەدانی گەشەسـەندنی شـار و خوێنـدن و فێربـوونە(ئیبن خلـدون، ، ٢٠١٥ز، ب٢/ ل٢٠٧)، هەولێـر (اربـل) لە ئەنجـامی گرنگیپێـدان لە لایەن فەرمـانرەوایـانی، بـووە شارێکی ئـاوەدان و مەڵبەندێکی گرنگ لە بواری زانست و زانیـاری، بە تـایبەتی لە سـەردەمی "میـر ئەبـو هیجـا هەزبـانی"،(ابن المسـتوفي، ١٩٨٠م، ق١/ ص٧٠_٧١، ٢٣٢_٢٣٣، ٣٧٠؛ تۆفیـق، ٢٠١٠ز، ل١٥١)، هەروەها میر نەسرەدەولە مەروانی نموونەی مامەڵەی جوان و دادپەروەرانە بوو لە ڕەعییەتەکەی، ئامەد و میافارقین مەڵبەندی گرنگ بوون لە بواری زانست و زانیاری(الفـارقي، ١٩٥٩م، ص١٦٦؛ ابـــن الـــوردي، ١٩٩٦م، ج١/ ص٣٥٥؛ زەیـــنەل، ٢٠٠٨ز، ل٢٥٢)، کـــۆچکردن کاریگەریی نەرێنی لەسەر بواری زانست هەبووە، لەبری ئەوەی هەریەک لە شارەکانی هەرێمە کوردنشینەکان، وەک؛ ئامەد، میافارقین، شنۆ، نوسەیبین، هەولێر،مووسڵ و چەنـدان نـاوچەی تر، کەمەڵبەندی گرنگی زانست بوون، لە ئەنجامی کۆچکردن لە شوێنی ئەوان شوێنی تـر بوونە مەڵبەندی گرنگ لە بواری زانست، بۆ نمـوونە هەریەک لە شـارەکانی قـاهیر، دیمەشـق و حەلەب(ابـــن المســـــتوفي، ١٩٨٠م، ق١/ ص١٧٠_١٧١؛ هەروتـــــی، ٢٠١٦ز، ل١٣٨)، ئەمەش گـــاریگەیی نەرێنـــی دوورمەودا و نزیکمەودالەسەرڕەوشـــی زانســـت لەســـەر هەرێـــمە کوردنشینەکانداهەبووە.

لێـرەدا کـاریگەریی کـۆچکردن بە نەرێنـی لەسـەر بـواری زانسـت بەدیاردەکەوێـت، ئەگەر هـاتوو ئەم کەسـایەتییانە یـاخود ئەم زانایـانە لەوێ خزمەتیـان نەکردبـایە گەڕابـانەوە زێـــدی خۆیـــان، لە زێـــدی خۆیـــان خزمەتیـــان کردبـــایە، ڕەنـــگە ئێســـتا هەرێـــمە کوردنشـینەکانخاوەنی چەنـدان زانـا و مامۆسـتای پـڕ زانسـتتری هەبـووایە، ڕەوشـی زانسـت بە شێوەیەکی زۆر باشتربووایە لەو سەردەمی و سەردەمی دواتریش.

**ب- لێکەوتەی ئەرێنی:**

کۆچکردن لە هەرێمە کوردنشینەکان بە هەمان شێوەیکاریگەریی نەرێنی، کاریگەریی ئەرێنیشی لەسەر لایەنی زانست و زانیاری هەبووە. بە دەیان قوتابی، فەقێ، مەلا و زانا لە هەرێمە کوردنشینەکان بۆ میسر، شام، بەغدا کۆچیانکرد و هەموو ئەو مەڵبەندە گرنگانەی کەوا ڕۆڵیان هەبووە لە بەرەوپێشچوونی زانست و زانیاری، لەوێ دەرفەتیان بۆ ڕەخساوە تا پەرە بە توانا زانستیەکانی خۆیان بدەن، دواتر گەڕاونەتەوە زێدی خۆیان بەو هۆیەوە توانیویانە خزمەتێکی باشی بواری زانست بکەن(سەعید، ٢٠٢٢ز، ل٦٤).بۆیە جێگەی تێڕامانە بۆ دەرچوونی تاکەکان تاکوو لەرێگەی پیشەیەك بگەرێنەوە وەکوو پێویستییەکی کۆمەڵگە، بەڵکوو نیشانەی گەشانەوەی ئاوەدانییە(ئیبن خلدون، ٢٠١٥ز، ب٢/ ١٧١_١٧٣). بۆ نموونە؛ "ئەبولعباس هەولێری"؛"خدری کوڕی نەسری کوڕی عەقیلی کوڕی نەسری ئەربیلیی" (٤٧٨-٥٦٧ک/ ١٠٨٥-١١٧١ز) بۆ پەرەدان بە تواناکانی لە بواری زانست بۆ بەغداکۆچدەکات، لەوێ لە "قوتابخانەی نیزامییە"ی بەغدا دەست دەکات بە خوێندن، تا هەگبەی زانستی خۆی پڕ دەکات، پاشان دەگەڕێتەوە بۆزێدی خۆی شاری هەولێر، لەوێدا دەست بە وانەوتنەوەدەکات، خزمەتی بواری زانست و زانیاری دەکات، تا ساڵی(٥٦٧ک/ ١١٧١ز) کۆچی دوایی دەکات، هەر لەوێ دەینێژن(ابن خلکان، ١٩٧٨م، ج٢/ ٢٣٧_٢٣٩؛ نیا، ٢٠٠٩ز، ل٢٤٩)."ئەبولقاسمی نەسر کوڕی عقیل" ناسراو بە؛ "ئەبولقاسمی هەولێری"، بەناوبانگترین ئەو زانایییە کە لەسەر دەستی ئەو پێگەیشتووە(ابن خلکان، ١٩٧٨م، ج٢، ص٢٣٨)، لە نموونەی سەرەوە کاریگەریی ئەرێنی زۆر بە ڕوونی دیارە.

هەروەها زانایەکی تر، "عیمادەددین هەولێری"،"ئەبو حامد محەمەد کوڕی ڕەزیوددین هەولێری" ناسراو بە؛"عیمادەددین" (٥٣٥-٦٠٨ک/ ١١٤٠-١٢١١ز) لە شاری مووسڵ لەدایکبووە، زانستی شەرعزانی لە لای باوکی خوێندووە، پاشان بۆ زیاتر بەرەوپێشبردنی تواناکانی بەرەو بەغداکۆچیکرد، لەوێ لە قوتابخانەی نیزامییە خوێندنی تەواوکرد، پاشان گەڕاوەتەوە مووسڵ لەوێ دەرسی بە قوتابییەکانی دەگوتەوە(ابن قاضي شهبة، ١٠٨٦م، ج٢/ ٨٤_٨٥ )، لە شاری مووسڵ خزمەتی بواری زانست و زانیاریی دەکرد.

هەروەها نموونەیەکی دیکە، "ئەبولفەزڵ یونس کوڕی محەمەد" کە بە؛(رضی الدین) ناسراوە(٥٠٨-٥٧٦ک/ ١١١٤-١١٨٠ز)، سەرەتا لە شاری مووسڵ لە زێدی خۆی دەستی بە خوێندن کردووە، دواتر بۆ زیاتر پەرەدان بە توانا زانستیەکانی خۆی و پڕکردنەوەی ناتەواوییەکانی لەم بوارە، بەرەو بەغدا کۆچدەکات لەوێ لە قوتابخانەی نیزامییە دەستدەکات بە خوێندن تاوەکوو قۆناغەکانی خوێندن تەواودەکات، دواتر دەگەڕێتەوە زێدی خۆی لە شاری مووسڵ لەوێ دەستدەکات بە وانەوتنەوە و فەتوادان، لە هەموو لایەکی زانستخوازان خۆیان دەگەیاندە خزمەتی، لە ساڵی(٥٧٦ک/ ١١٨٠ز)کۆچی دوایی کرد(ابن

قاضـــي شـــهبة، ١٠٨٦م، ج٢/ ص٢٥_٢٦؛ نیـــا، ٢٠٠٩ز، ل٢٥١_٢٥٢))، بەمەش دەتـــوانین بڵێـــین خزمەتێکی باشی ئەوانەی ویستی فێربوونیان هەیە کردووە.

یەکێکی تر لە نموونەکان "شەهابەددین محەممەد کوڕی ئیبراهیم ئەبی بکر کـــوڕی خلکـــان" (م٦١٠ک/ ١٢١٣ز) کـــۆچیکردووە بـــۆ میســـڕ و شـــام، دوای ئەوەی خـــۆی پێگەیانـد لە بـواری زانسـت و زانیـاری گەڕاوەتەوە شـاری هەولێـر لەسـەر دەسـتی ئەو دەیـان کەســایەتی و فێرخــواز پێگەیون(المنــذري، ١٩٨٤م، ج٤/ ص٨٠_٨١؛ الأســنوي، ١٩٧٨م، ج١، ص٢٣٨).

کـۆچکردن بە هۆکـاری زانسـتی دوای ئەوەی ئەو قوتـابی، فەقـێ و زانایـانە، کە هەگبەی خۆیان پڕ کرد لە زانست و زانیاری، گەڕانەوە زێدی خۆیان، کاریگەریی ئەرێنییان لە زێدی خۆیاندروستکرد، چونکە ئەوان بوونە هۆی ئەوەی بە دەیان زانا و بلیمەت لە هەرێمە کوردنشـینەکان سـەر هەڵبـدەن، ئەوانـیش کاریگەرییـان لەسـەر بـواری زانسـت و زانیـاری هەبێت(شــەرەفخان، ٢٠٠٦ز، ل٢٦)، بــۆ پشتڕاســتکردنەوەی وتەکانمــان بە پێویســتمان زانــی هەنــدێک نمــوونە لەم بــواردا بخەیــنەڕوو، نمــوونەیەکی تــر لە زاناکــان "شــەرەفوددین هەولێری"؛"ئەبـولفەزڵ ئەحـمەد کـوڕی کمـالەددین هەولێـری بـووە، کە بە شـەرەفوددین بە ناوبانگ بووە(٥٧٥-٦٢٢/ ١١٧٩-١٢٢٥ز) یەکێک بووە لە مامۆستا بە تواناکان، کەوا لە شاری هەولێـر و مووسـڵ وانەی بە قوتابییـان گـوتـووە، یەکێـک لە قوتابییەکـانی بە نـاوی ئیـبن خەلەکـان لەبـارەی لێهـاتوویی ئەم زانـایە دەڵێـت؛ "لە شـێوازی وانەوتـنەوەدا بێـوێنە بـووە، هەر کاتێـک بیـر لەو پیـاوە دەکەمەوە، جیهـان لە بەرچـاوم کەم و پەسـت دەنوێنێ"(ابن خلکـان، ١٩٧٨م، ج١/ ص١٠٨_١٠٩). ئیدی نموونەکان لەم بارەیەوە زۆرن.

هەروەهـا نمـوونەیەکی تـر؛ "ئیبنـو سـەڵاح شـارەزووری"، "ئەبـو عـومەر عوسـمان کـوڕی ســـەڵاحەددین شـــارەزووری" (٥٧٧-٦٤٣ک/ ١١٨١-١٢٤٥ز) شـــارەزای فەرمـــوودە و ڕاڤەزان و شـەرعزانێکی شـافیعیی بـووە ولە زانسـتی حەدیسـیش دەسـتێکی بـاڵای هەبـووە(ابن خلکـان، ١٩٧٨م، ج٣/ ص٢٤٤_٢٤٥)، کـاریگەریی کـۆچکردن وایکـرد ئەم زانـایە دروسـت بێـت، کـو کۆچیکردووە بۆ موسل و خوراسان و شام، دواتر هەر ئەمەش وایکرد چەندانی تر دروست بن، بۆ نموونە ئیبن خەلەکان دەڵێت: "لە ساڵی (٦٣٢ک/ ١٢٣٤ز) ماوەی ساڵێک چوومە خزمەت ئیبن سەڵاحەددینی شارەزووری، لە خزمەتی فێری زانست و زانیـاری بووم(ابن خلکـان، ١٩٧٨م، ج٣/ ص٢٤٤)؛ ئەمەش بەڵگەیە لەسـەر ئەوەی کەوا کۆچکردن کـاریگەریی لەسـەر لایەنـی زانست و زانیاریهەبووە.

نمـوونەیەکی تـر "ئیـبن خەلەکان"؛"ئەبولعەبـاس شەمسـەددین ئەحـمەد کـوڕی شەهابەددین محەمـمەد کـوڕی ئیبـراهیم کـوڕی ئەبـوبەکر خەلەکـان" (٦٠٨-٦٨١ک/ ١٢١١-١٢٨٢ز) قـازیی، مێژوونـووس و ئەدیبێکـی ناسـراو بەنێوبـانگی شـافعیی مەزهەبە، بە نـاوی

یەکێک لە گوندەکانی هەولێر کە بە ناویخەلەکانی باپیرە گەورەی ناوندرابوو(ابن المستوفي، ١٩٨٠م، ق١/ ص٤٧٣)، لێرەدا دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین کەوا یەکێکی تر لە لێکەوتەکانی کۆچکردن دروستکردنی ئەم زانایە بووە، کە تا ئێستاش مێژوونووس سوودی یەکجار بێوێنەی بۆ نووسینەکانیان لێدەبینن.

لەم نموونانەی خستمانەڕوو کاریگەریی کۆچکردن لە هەرێمە کوردنشینەکان لەسەر بواری زانست و زانیاری بە ڕوونی بەدیارکەوت، کەوا کاریگەریی ئەرێنی لەسەر پێشکەوتن لەم بوارەداهەبووە، کە کاریگەرییەکەی بووە هۆی پێگەیاندنی دەیان زانا، مامۆستا و ڕۆشنبیری بە توانا، ئەوانیش کاریگەریی دوورمەودا و نزیکمەودای لەسەر دانیشتووانی هەرێمە کوردنشینەکانهەبووە.

تورکمانەکانی بابەکری: ئەمانە سەربازانی سەرکردەیەکی تورک بوون بە ناوی؛ "ئەبابکر کوڕی مکائیل". (ابن ابی الهیجاء، ١٩٩٣م، ص١٨١).

عقیلییەکان: هۆزێکی گەورە و ناوداری عەرەبن لە ناوچەکانی بەحرینەوە کۆچیان بۆ ناوچەکانی جزیرە کردووە، توانیان بە سوودوەرگرتن لە بارودۆخی ناوچەکە میرنشینێک لە ناوچەی جەزیرە و مووسڵ دابمەزرێنن (٣٨٠-٤٨٩ک/ ٩٩٠-١٠٩٥ز). بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (القلقشندي، م، ص١١٩-١٢٠؛ المعاضدي، ١٩٨٦م، ص٢٧)

ئانی: شارێکی ئاوەدان و بە پیتی هەرێمەکە بوو، کەوت بوویە خۆرئاوای شاری گەنجە. ابن حوقل، ١٩٩٢م، ٢٨٧-٢٨٨)

**ئەنجام:**

پاش گەڕان بەدوای زانیارییەکان لەنێو سەرچاوە هەمەجۆرەکان و هەڵسەنگاندنیان، توێژینەوەکەمان بەم ئەنجامانە گەیشت، کە ئەم خاڵانەی خوارەوەن:

یەکەم: کۆچ و کۆچپێکردنی هەزاران خەڵکی هەرێمە کوردنشینەکان، تێکهەڵبوونیان بە گەلانی دیکە چەندین لێکەوتەوەی کۆمەڵایەتی، سەربازی، سیاسی، زانستی، لێکەوتەوە کە کاریگەرییان لە سەر بەرەوپێشبردنی شارستانیی ئیسلامی هەبووە.

دووەم: کۆچکردووەکان و کۆچپێکراوەکان خزمەتی شارستانیی ئیسلامییان کردووە، لە ڕێگەی دروستکردنی مزگەوت، قوتابخانە، نەخۆشخانە، کە ئەمەش ڕۆڵی هەبووە لە گەشەسەندنی زیاتری شارستانیەتی ئیسلامیدا.

سـێیەم: ئـاوێتەبوونی کەلتـوور و فەرهەنگـی کـوردی بە کەلتـوور و فەرهەنگـی گەلانـی دیـکە، بەشـێک لە کوردەکـان ناسـنامەی خۆیـان پاراسـتووە بە شـێوەی جیاجیـا، ناونـانی شـوێنەکان وەک؛ مـزگەوت، قوتابخانەکـان و گەڕەکەکـان بە نـاوی کـوردیی خۆیـان، یـان هـۆزی خۆیـان توانیویـانە پارێزگـاری لە ناسـنامەی کوردبوونی خۆیان بکەن، زیاتر بە دونیای دەرەوە بناساندرێت.

چـوارەم: ئەو کـۆچکردنە بـووەتە هـۆی زیـاتر ئاشـناکردنی کـورد بە گەلانـی دیـکە، بە پێچەوانەشەوە گەلانی تریش ئاشنای کورد بوون، و سوودیان لێ وەرگرتوون.

**لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم: سەرچاوە ڕەسەنەکان**

**أ بە زمانی عەرەبی:**


**ابن الاثير**، عزالدين ابن الحسن على بن محمد بن عبدالكريم الجزري، (ت٦٣٠ه/ ١٢٣٢م):

- الكامل فى التاريخ، حققه: عمر عبدالسلام تدمرى، دار الكتاب العربى، (بيروت: ٢٠١٢).

**الاسنوي**، جمال الدين عبدالرحيم بن الحسن، (ت٧٧٢هـ/ ١٣٧٠م).

- طبقات الشافعية، دار الكتب العلمية، (بيروت: ١٩٨٧).

**ابن الجزري**، شمس الدين ابى عبدالله محمد بن ابراهيم بن ابى بكر القرشى (ت٧٣٨هـ/ ١٣٣٨م):

- غاية النهاية في طبقات القراء، مكتبة الخانجى، (مصر: ١٩٣٣م).

**ابن الجوزي**، الامام ابو الفرج عبدالرحمن بن على ابن محمد بن على (ت٥٩٧هـ/ ١٢٠٠م):

- المنتظم فى تاريخ الملوك والأمم، مطبعة دائرة المعارف العثمانية، (حيدرآباد: ١٣٥٩ه).

**الحميري**، محمد بن عبد المنعم (ت٧٥٠هـ/١٣٤٩م).

- الروض المعطار في خبر الاقطار، حققه: احسان عباس، ط٢، مكتبة لبنان، (بيروت: ١٩٨٤م).

**ابن حوقل**،ابى القاسم النصيبى (ت٣٦٧هـ/ ٩٧٧م).

- صورة الارض، منشورات دارمكتبه الحياة، (بيروت: ١٩٩٢م).

**ابن خلكان**،ابى العباس شمس الدين احمد بن محمد بن ابى بكر (ت٦٨١هـ/ ١٢٨٢م).

- وفيات الاعيان وانباء ابناء الزمان، حققه: احسان عباس، دار صادر، (بيروت: ١٩٧٨م).

**ابن خلدون**، ابوزيد عبدالرحمن بن خلدون (ت٨٠٨هـ/ ١٤٠٥م):

- تاريخ ابن خلدون، مراجعة: سهيل زكار، دار الفكرر، (بيروت: ٢٠٠٠م).

**الراواندي**،محمد بن على بن سليمان الرواندى (ت٦٠٣هـ/ ١٣٠٧م).

- راحة الصدور وآية السرور، من منشورات المجلس الاعلى للثقافية، (القاهرة: ٢٠٠٥م).

**ابن رجب،** الامام الحافظ عبدالرحمن بن احمد (ت ٧٩٥هـ/ ١٣٩٢م).
- ذيل على طبقات الحنابلة، مطبعة السنة الحمدية، (د.م: ١٩٥٢م).
**سباهي زاده،**محمد بن على البروسى الشهير بن سباهى زاده، (ت٩٩٧هـ/ ١٥٨٩م).
- أوضح المسالك الى معرفه البلدان والممالك، تحقيق:المهدى عبدالرورخية، (بيروت: ٢٠٠٨م).
**ابو شامة،**عبدالرحمن بن اسماعيل المقدسى (ت٦٦٥هـ/ ١٢٦٦م).
- تراجم رجال القرنين السادس والسابع المعرف بالذيل على الروضتين، مراجعة: السيد عزت العطار الحسينى، ط٢، دار الجيل، (بيروت: ١٩٧٣م).
- الروضتين فى اخبار الدولتين النورية والصلاحية، وعلق عليه: ابراهيم شمس الدين، دار الكتب العلمية، (بيروت: ٢٠٠٢م).
**ابن شاهنشاه الأيوبي،**محمد بن عمر المظفر بن شاهنشاه الأيوبى (ت٦١٧هـ/ ١٢٢٠م).
- مضمار الحقائق وسر الخلائق، المحقق: حسن حبشي، الناشر عالم الكتاب، (القاهرة: د.ت).
**ابن شداد،** عزالدين محمد بن على(ت٦٨٤هـ/ ١٢٨٥م).
- الاعلاق الخطيرة في ذكر أمراء الشام والجزيرة، حققه: يحيى زكريا عبارة، منشورات وزارة الثقافة، (دمشق: ١٩٩١م).
**ابن شعار،** كمال الدين ابى البركات المبارك الموصلى (ت٦٥٤هـ/ ١٢٥٦م).
- قلائد الجمان فى فرائد شعراء الزمان_ المشهور ب_ عقود الجمان فى شعراء هذا الزمان، تحقيق: كامل سلمان الجبورى، دار الكتب العلمية، (بيروت: ٢٠٠٥م).
**الصفدي،**خليل بن ايبك بن عبدالله (ت٧٦٤هـ/ ١٣٦٢م).
- تحفة ذوي الالباب، حققه: إحسان بن سعيد خلوسى و زهير حميدان الصام، منشورات وزارة الثقافة، (دمشق: ١٩٩١م).
- الوافى بالوفيات، تحقيق: احمد الارناووط، دار احياء التراث العربى، (بيروت:٢٠٠٠م).
**ابن العبري،**غيرغوريوس ابن الفرج بن هارون الملطى (ت٦٨٥هـ/ ١٢٨٦م).
- تاريخ الزمان، قدم له: جان مؤريس فييه، دار المشرق،(لبنان: ١٩٩١م).
**ابن عساكر،**ابو القاسم على بن الحسن (ت٥٧٢هـ/ ١١٧٥م).
- الاربعون البلدانية، تحقيق: عبدوالحاج محمد الحريرى، المكتب الاسلامى، (بيروت: ١٩٩٣م).
-تاريخ مدينة دمشق، دراسة و تحقيق: محب الدين ابى سعيد عمر، دار الفكر، (بيروت: ١٩٩٥م)
**الاصفهاني،**ابو حامد محمد بن محمدعماد الدين الكتاب (ت٥٩٧هـ/ ١٢٠٠م).

- البستان الجامع لجميع تواريخ أهل الزمان، دراسة وتحقيق: محمد على الطعانى، مؤسسة حمادة، (الاردن: ٢٠٠٣م).
**العمري**،شهاب الدين احمد بن يحيى بن فضل الله (ت٧٤٩هـ/ ١٣٤٨م).
- مسالك الابصار فى ممالكالامصار، حققه: كامل سلمان الجبورى، دار الكتب العلمية، (بيروت: ١٩٧١م).
**ابن فارس**،احمد بن فارس بن زكريا ابو الحسين (ت٣٩٥هـ/ ١٠٠٤م).
- معجم مقاييس اللغه، تحقيق: عبدالسلام محمد هارون، دار الفكر، (د.م: ١٩٧٩م).
**الفارقي**،احمد بن يوسف بن على الازرق (ت بعد ٥٧٧هـ/ ١١٨٢م).
- تاريخ الفارقى، حققه: بدوى عبداللطيف عوض، الطابع الاميرية، (القاهرة: ١٩٥٩م).
**ابو الفداء**،عماد الدين اسماعيل بن على بن محمد الايوبى (ت٧٣٢هـ/ ١٣٣١م).
- تقويم البلدان، دار صادر (بيروت: ١٨٤٠م).
- المختصر فى اخبار البشر، المطبعة الحسينية، مصر، (مصر: د.ت).
**الفيروز آبادى**،مجدالدين محمد بن يعقوب (ت٨١٧هـ/ ١٤١٤م).
- القاموس المحيط، تحقيق: انس محمد الشامى و زكريا جابر احمد، طبع و نشر و توزيع دار الحديث، (القاهرة: ٢٠٠٨م).
**ابن قاضي شهبة**،محمد بن ابى بكر (ت٨٥١هـ/ ١٤٤٨م).
- طبقات الشافعية، المحقق: الحافظ عبدالعليم خان، عالم الكتب، (بيروت: ١٤٠٧هـ/١٩٨٦م).
**ابن القلانسي**،أبى يعلى حمزة (ت٥٥٥هـ/ ١١٦٠م).
- بذيل تاريخ دمشق، مكتبة المتنبي،(القاهرة: د.ت).
**القلقشندي**،الشيخ ابى العباس احمد بن على (ت٨٢١هـ/ ١٤١٨م).
- صبح الاعشى، المطبعة الاميرية، (القاهرة: ١٩١٤م).
- قلائد الجمان، حققه: ابراهيم الابيارى، ط٣، الناشرون دار لكتب الاسلامية (د.م: ١٩٨٢م).
**ابن المستوفي**،شرف الدين ابو البركات المبارك بن احمد الاربلى (ت٦٣٧هـ/ ١٢٣٩م).
- تاريخ إربل، المحقق: سامى بن سيد خماس الصقار، دار الرشيد للنشر، (العراق: ١٩٨٠م).
**مسعر بن مهلهل**، ابو دلف الخزرجى (ت٣٨٤هـ/ ٩٩٤م).
- الرسالة الثانية، مطبعة جامعة القاهرة، (القاهرة: ١٩٥٥).
**المقدسي**،ابو عبدالله شمس الدين محمد البشارى (ت٣٨٠هـ/ ٩٩٠م).
- احسن التقاسم فى معرفة الاقاليم، ط٣، مكتبة مدبولى، (القاهرة: د.ت).
**المقريزي**،تقى الدين احمد بن على (ت٨٤٥هـ/ ١٤٤١م).
- اتعاظ الحنفا بأخبار الأمة الفاطميين الخلفا، تحقيق: محمد حلمى احمد، مطبعة الاهرام، (القاهرة: ١٩٧١م).

**المنذري**،زكي الدين عبد المنعم بن عبد القوى (ت٦٥٦هـ/ ١٢٥٨م).
- التكملة لوفيات النقلة، حققه: بشار عواد معروف، ط٢، مؤسسة الرسالة، (بيروت: ١٩٨٤م).
**ابن منظور**، ابو الفضل جمال الدين محمد بن مكرم (ت٧١١هـ/ ١٣١١م).
- لسان العرب، تحقيق: عبدالله على الكبير وأخرون، دار المعارف، (الالقاهرة: د.ت).
**مؤلف مجهول**،(ت بعد٦٥٥هـ/ ١٢٥٧م).
- تاريخ دولة الاكراد و الاتراك تاريخ دولة الاكراد، تحقيق: موسى مصطفى الهسنيانى، مطبعة جامعة دهوك، (دهوك: ٢٠١٠م).
**مؤلف مجهول**،(ت بعد ٣٧٢هـ/ ٩٨٢م).
- حدود العالم من المشرق الى المغرب، تحقيق: يوسف الهادى، دار الثقافة للنشر (القاهرة: ١٩٩٩م).
**مؤيد الدين**، هبة الله بن موس (ت بعد٤٦٠هـ/ ١٠٧٧م).
- سيرة المؤيد الدين داعى الدعاة، تحقيق: محمد كامل حسين، دار الكتاب المصرى (القاهرة: ١٩٤٩م).
**النعيمي**،عبدالقادر بن محمد (ت٩٢٧هـ/ ١٥٢٠م).
- الدارس في تاريخ المدارس، أعد فهارسه: ابراهيم شمس الدين، دار الكتب العلمية، (بيروت: ١٩٩٠م).
**ابن ابى هيجاء**،الامير عز الدين محمد بن محمد الهذبانى الأربلى، (ت٧٠٠هـ/ ١٣٠١م).
- تاريخ ابن أبى هيجاء، تحقيق: صبحى عبدالمنعم محمد، د.ط، (د.م: ١٩٩٣م).
**ابن واصل**،جمال الدين محمد بن سالم (ت٦٩٧هـ/ ١١٩٧م).
- مفرج الكروب فى أخبار بنى أيوب، تحقيق: جمال الدين، الناشر مطبعة الأميرية، (د.م: ٢٠٠٩م).
**ابن الوردي**،زين الدين عمر بن مظفر (ت٧٤٩هـ/ ١٣٤٨م).
- تاريخ ابن الوردى، دار الكتب العلمية، (بيروت: ١٩٩٦م).
**اليافعي**،ابى محمد عبدالله بن اسعد بن على (ت٧٦٨هـ/ ١٣٩٩م).
- مراة الجنان و عبرة اليقظان، وضع حواشية: خليل المنصور، دار الكتب العلمية، (بيروت: ١٩٩٧م).
**ياقوت الحموي**،شهاب الدين بن عبدالله (ت٦٢٦هـ/ ١٢٢٩م).
- معجم البلدان، دارصادر، (بيروت: ١٩٧٧م).
**اليونيني**،ابو الفتح موسى بن محمد(ت٧٢٦هـ/ ١٣٢٦م).
- ذيل مراة الزمان، تحقيق: الحكمة والامور الثقافة الحكومة الهندية، ط٤، دار الكتب، (القاهرة: ١٩٩٢م).

**ب_ بەزمانی کورد**

**ئەولیا چەلەبی(م١٠٩٥ک/١٦٨٤ز)**

- سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی، کورد لە مێژوو دراوسێکانیدا، و:سەعید ناکام، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کوردی، (بەغدا: ١٩٧٩ز).

**ئیبن خەلدوون**

- موقەدیمەی ئیبن خەلدوون، و:سەعید بەشیر، چاپەمەنی گەنج، (سلێمانی: ٢٠١٥ز).

**شەرەفخانی بەدلیسیی(م١٦٠٣ز)**

- شەرەفنامە، و:مامۆستا هەژار، چ٦، بڵاوکراوەی کتێبی میدیا، (سنە: ٢٠١٠ز).

**نیکۆلۆ مەکیاڤیللی**

- میر، و:بەختیار ئەحمەد ساڵح، چاپخانەی گەنج، (سلێمانی: ٢٠١٥ز).

**دووەم: ژێدەرەکان(سەرچاوە نوییەکان)**

**بە زمانی کوردی**

**نیا، ئومێد بەهرامی**

- مێژووی کوردەکانی جەزیرە، و:عەبدورەحیم مەعرفتی، بڵاوکردنەوەی پرۆژەی تیشک، (ب.ش.چ: ٢٠٠٩ز).

**محەممەد، ئاکۆ بورهان**

- میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عەباسی، چاپخانەی چوارچرا، (سلێمانی: ٢٠١٨ز).

**یاسین، هەمزە کاکە**

- حەلوان لە سەردەمی خەلافەتی عەباسیی تا رووخانی میرنشینی عەنازی، چاپخانەی حاجی هاشم، (هەولێر: ٢٠١٣ز).

**شەرەفکەندی، هەژار عەبدولرەحمان (م١٩٠٠ز)**

- هەنبانەبۆرینە، چاپخانەی سروشت، (تەهران: ١٣٦٩ک).

**خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا**

- ڕێزمانی کوردی، چ٥، چاپخانەی هێڤی، (هەولێر: ٢٠١٣ز).

**ئەنوەر، کەیوان ئازاد**

- کوردستان و کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، چاپخانەی پەنجەرە، (تاران: ٢٠١٥ز).

**کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا**

- کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا، و:حەمەکەریم عارف، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، (سلێمانی: ٢٠١٠ز).

**خاڵ، شێخ محەممەد شێخ عەلی حاجی شێخ ئەمین (م١٩٨٩)**

- فەرهەنگی خاڵ، چ٢، چاپخانەی ئاراس، (هەولێر: ٢٠٠٥ز)
**تۆفیق، زرار سەدیق**
- کۆمەڵگەی کوردەواری لە سەدەکانی ناوەڕاست، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، (هەولێر: ٢٠١٤ز).
**ڕەسووڵ، ئیبراهیم ڕەسووڵ**
- پێکهاتەکانی کوردستان لە سەردەمی عەباسیدا، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، (هەولێر: ٢٠٢٠ز).
**حوزنی، حوسێن موکریانی**
- سەرجەم بەرهەمی حوسێن حوزنی، لەچاپدانی دەزگای ئاراس، (هەولێر: ٢٠٠٧ز).
**بە زمانی عەرەبی**
**حسن، أسامة**
- الناصر صلاح الدين، دار الامل، (د.م: ١٩٩٧م).
**رشينايا، ايليا**
- تاريخ ايليا برشينايا، قدم له وعلق عليه: يوسف حبى، مطبوعات مجمع اللغة السريانية، (بغداد: ١٩٧٠م).
**حسن، ابراهيم حسن**
- تاريخ الاسلام السياسى والدينى والثقافى والاجتماعى، ط١٤، مكتبة النهضة المصرية،
**الجميلى، رشيد (ت٢٠٢٢)**
- الاتابكة فى الموصل بعد عمادالدين زنكى، دار النهضة العربية، (بيروت: ١٩٧٠).
**الهسنياني، صالح شێخۆ**
- علماء الكورد و كردستان، مطبعة هاوار، (دهۆك: ٢٠١٢م).
**العبيدي، صلاح حسين**
-الملابس العربية الاسلامية، منشورات وزارة الثقافة و الاعلام، (عراق: ١٩٨٠م).
**الشهابي، قتيبة**
- معجم دمشق التاريخى، منشورات وزارة الثقافة_ فى الجمهورية العربية السورية، (دمشق: ١٩٩٩م).
**كى السترنج**
- بلدان الخلافة الشرقية، نقل الى العربية: بشير فرنسيس و كوركيس عواد، مؤسسة الرسالة، (العراق: د.س).

**الخطيب، مصطفى عبد الكريم**

- معجم المصطلحات والالقاب التاريخية، مؤسسة الرسالة، (بيروت: ١٩٩٦م).

**به زمانى فارسى**

**كسروى، احمد**

- شهريارانى گمنام، چ٢، مؤسسه انتشارات نگاه، (تهران: ١٣٨٨).

**سێیەم: نامەی ماستەر و دكتۆرای بەڵاونەكراوە**

**عزيز، صباح حسن**

- جريمة التهجير القسري، رسالة ماجستر، جامعة النهرين، ٢٠١٥.

**چوارەم_گۆڤارەكان**

**هەروتیی، مەهدی عوسمان**

- كورد و دیاردەی كۆچكردن لە سەدەكانی ناوەڕاستدا(توێژینەوەیەكی شیكارییە لەبارەی هۆكار و ئەنجامەكانی)، International journal of kurdish studies,vol2/3, December 2016.

**الملخص:**

أن هذه الدراسة التي تقع تحت عنوان(تأثير الهجرة والتهجير على الأقاليم الكوردية في قرني ٥-٦هـ/١١-١٢م) محاولة لمعرفة مدى تأثير هذه الظاهرة على الاقاليم الكوردية والحقيقة ان للهجرة تاريخاً قديما مرتبطا بتاريخ الانسانية فمنذ أن وجد الانسان على هذا الارض ارتبطت الهجرة به ارتباطاً طبيعياً وبمرور الزمن ظهرت أسبابها ونتائجها وتأثيراتها والتي كانت متنوعة.

اختيارنا لهذا العنوان يرجع الى أحداث مهمة وقعت في تاريخ الكورد وتتمثل بنتائجها، والتي لم يكن موضوع بحث مستقل لدى الباحثين بشكل مفصل وأما تحديد قرني (٥-و٦هـ/١١-١٢م) يرجع الى كثرة وقوع الاحداث السياسية والعسكرية في الاقاليم الكوردية.

يتكون البحث من مقدمة وثلاثة مباحث، خصص المبحث الأول لتعريفي الهجرة والتهجير لغة واصطلاحا، وخصص المبحث الثاني للتعريف بالأقاليم الكوردية، وتناول المبحث الثالث تأثيرات الهجرة والتهجير على الأقاليم الكوردية من الناحية السياسية والاجتماعية والعسكرية والعلمية ، واختتم البحث بنتائج توصل اليها البحث وملخص للدراسة باللغتين العربية والانكليزية وقائمة لأهم المصادر والمراجع.

**الكلمات الدالة:**. *الهجرة، التهجير، التأثيرات، الاقاليم الكوردية، السياسية*

**Abstract:**

This study is entitled (The Impact of Immigration and Displacement on the Kurdish Regions in the 5-6 AH / 11-12 AD Centuries, the Political, Social, Military and Scientific Case as a Model), it attempts to find out the extent of the impact of this phenomenon on the Kurdish Region. Humans on this earth were associated with migration naturally. However, with the passage of time, its causes, results, and effects were appeared that was different.

The choice of this title was due to the important events that took place in the history of the Kurds and it was represented by their results. It was not the subject of independent research by researchers in detail.

The current research consists of an introduction and three sections. The first section is devoted to definition of migration and displacement in language and idiomatic. The second section is devoted to definition of the Kurdish regions. The third section deals with the effects of migration and displacement on the Kurdish regions in terms of political, social, military, and scientific aspects. The research concluded with the results of the research and a summary of the study in Arabic and Englishalso a list of the most important sources and references were presented.

**opening words**: *Immigration, displacement, influences, Kurdish regions, politics.*